Cultural Institute of Kurdistan
ئه نستیتوی فه رهه نگی کوردستان

# دەقی نامەی کراوەی بەرپرسی ئەنستیتۆ فەرهەنگیی کوردستان، بۆ سەرۆك کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و کوردستانی عێراق.

« ب ه ن ا وی خوای بەخشندەی میهرەبان »

**ئەگەر بە هەمان زمانی پێشوو پێکەوە بدوێین،**
**ناچار هەمان مێژوومان دووبارە کردۆتەوە**
« ئەریگارای »

## جەنابی، سەید محەممەدی خاتەمی ، سەرۆك کۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سڵاو و رێز و ئیحترام.

نە بە هیچ سەودایەکی ترەوە. تەنیا سەودا نووسینە و چی تر نا، کە نووسین ئارەزووی دواندنی ئەویدییەکە و لە هەناوی خۆیدا، دەربڕی سەودای هاودڵی و پێکەوە بوونە. ئەو کاتەی مرۆڤ هەوڵی تۆمارکردنی خۆی و ئەویدی و گروپی خۆی ئەدا، رەنگە ئیدی ناچاریش بوو لەنووسین! ئەم دوایین نووسینەی ئێمەش هەڵگری تاقە یەك سەودایە و یەك بڕوا، بڕوای داهێنانی واقیع لە رێگەی وتووێژەوە. بەم بڕواوە، کەرەم کەن و شتێکی تر، سەودایەکی تر بخوێننەوە لەپشتی ئەم دێڕانەوە.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** ئاوڕێك لە رابوردوو بەرەو ( چالدۆران ) مان دەباتەوە و یەکەم دابەشبوونەکانی جوگرافیایەکی کەلتووری کە تێیدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانەمان، لەولای یاسا مودێرنەکانەوە ئەزموون دەکرد، ئەمە نوستالۆژیایەك نییە بۆ رابوردوو، هەڵگری داخێکە، بەرامبەر بەو رۆژانەی جەنگ دیاریکەری هەموو شتێکی بووە، نەك ئامادەیی مرۆڤ خۆی. ئەومرۆڤەی کە بڕیاربوو « سەروەری ئافرێندراوەکان » و لەتێك بێت لە« ئافرێنەر». رەنگە چارەنووسی ئێمە کوردەکان هەر لە چالدۆرانەوە و تا ئێستەش، لەسەردەستی شەڕ و بەرهەمە پاڵەکییە ناچارییەکانی شەڕ، دیاری کراوە. لەوکاتەوە، بەشێك لە ئێمە بەناچاری لە جوگرافیای کەلتووری ئێران وەدەر نرا. ئێمەش: یەکەم نووسینەوەی مێژوومان بە زمانی(فارسی) بوو ە و ئەدەبێکی کلاسیکیی مەزنمان لە کارلێك لە گەڵ گەورەکانی ئەدەبی فارسیدا وەکوو ــ حافز،مەولەوی، سەعدی و گومانەکانی خەییام ــ دا بەرهەم هێناوە . لەوکاتەوە و تا ئێستاش و بە شایەتیی (نوسین) چ کات ئاشقانی دیکەی ئەم وڵاتەمان لە بیرنە کردووە و ئەستێرەکانی ئەم ئەدەب و کەلتوورە، بەردەوام بەئاسمانی ئەم وڵاتە زەینییە (مەوعوود)ەوە ئەدرەوشێنەوە.

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** ئەم نامەیە گێڕانەوەی مێژوو نییە بەڵام ڕەنگە مەجبوور بین بەشێك لە مێژووی ئەم نەتەوەیە لە بەشێکی خاکەکەیدا، واتە لە کوردستانی عێراقدا وەبیر بێنینەوە. ئەگەرچی دووپات بوونەوەی مێژوو بۆ ئێمە بۆتە عادەتێك و نەبیستنی ئەم دووپات بوونەوەش بۆ بەرامبەر بۆتە عادەتێکی دیکە.

کوردەکان لەعێراقدا زیاتر لەیەك سەدەیە،هاو کاتی بزووتنەوەی «مەشرووتە خوازیی ئێران» بۆ دیمۆکراسی و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆیان خەباتیان کردووە و چەندین کەسایەتیی نەتەوەیی و ئایینی و چەندین بیرمەندیان کردۆتە قوربانی ئازادیخوازی. ئەوان هەمیشە دانیان بەمافی دیکەی گەل و نەتەوەکاندا ناوە و هەر تەنیا داوای حورمەت و، دانپیانانی بەرامبەر ودوولایەنەیان کردووە، کەچی هەمیشەبەچەندین جۆر گوتاری پان تورکیستی، پان عەرەبیستی و ئایدۆلۆژیا زاڵەکانی ناوچەکە سەیر کراون. هەرجارەی لە ڕاپەڕینەکانیاندا هیچیان نەویستووە، جگە لە ناسکردنی هاووڵاتی و مرۆڤانەی خۆیان و هەمیشە عەقڵانی دەرگای گفت وگۆ بوون کەچی هەرجارەش دەسەڵاتداران ئەم دەرگایانەیان لەسەر داخستوون و توند و تیژی وەڵامی داخوازەکانیان بووە. نموونەی ئاشکرای ئەم لۆژیکە، نامە ونووسراوەکانی ڕەحمەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە لەکوردستانی تورکیا کە لەسەردەمی خۆیدا لەلایەن حکوومەتەکانی ناوچەکەوە وەکوو خایەن بە (میللەت) و (مەملەکەت)ی مەزنی ئیسلامی ناو برا و لە بەرامبەریشدا شێخ، لای ئێمە بوو بە پیری ڕێبازی ئازادی و وەرگرتنی بەرامبەر. بە درێژایی مێژوو گەورە ترین خواستی کوردەکان وتوویژ بووە، کەچی مێژووی سیاسیی ناوچەکە، بەردەوام بە ڕوانگەیەکی ناعادڵانە و وەك توخمێکی ناکارامە و نەخۆش و لە شێوەی (پەتا)یەکی پڕ مەترسیدا، سەیری کردوون و بۆ گەیشتن بە ئازادی باجی ئینسانیی فراوانی لێ خواستوون. بە چەشنێك کەکارەسات بۆتە توخمێکی ئامادەی شوناسی ئەم نەتەوە و کوردەکان وەکوو قەرەجان ستڕانی ساردی خۆتێهەڵدەکەن:"سەرگەردان، بەردەوام سەرگەردان، لە سەرشەقامەکانی گشت جیهان"[1] کەچی تەلار نشینان هەمیشە بە گومانەوە سەیریان کردوون و مرۆڤی کورد ئەمجارە و دیسان تەنیا لە خۆی دەپرسێت کە ئەگەر بڕیارە هەموو چارەنووسی تابلۆیەك بێت لە ئاوارەیی و کۆچ و نایەکسانی و قەڵاچۆ و گومان، «بۆ هاتۆتە ئەم ناوە» ؟

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** ئەگەر ئەفریقیای باشوور بە دیاردەیەکی وەك (ئاپارتاید) ەوە ناسراوە، ئێستەش کوردەکانی عیراق بە (ئەنفال)ەوە دەناسرێن. باجێکی ئینسانیی زیاتر لە زیندە بەچاڵ کردنی ١٨٢ هەزار کەس و کوشتاری زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە چەند دەقیقەدا لە هەڵەبجە و ڕووخاندنی ٤٥٠٠ گوند و چەندین کۆچی چەند سەد هەزار کەسی، تا دوایین کۆچی ئەوان بەرەو ئێران بە حەشیمەتێکی زیاتر لە یەك ملیۆن کەسەوە. یەکەم کۆچی کوردەکانی عێراق بۆ ئێران پاش شەری جیهانیی دووهەم؛ کۆچی مەلا مستەفای بارزانی و هاورێکانیەتی بۆ بەشداریکردن لە کۆماری مەهاباد و پاشان پەرینەوەیە لە ڕووباری ئەرەس بەرەو( شۆرەوی )، پاش دادگایی کردنی پێشتر بڕیاردراوی قازی محەممەد و هاوڕێکانی لە سالی (١٣٢٥). پاش بەستڕانی پەیماننامەی ئەلجەزایر لەسالی ١٩٧٥ لە لایەن «شا و بوومەدین و سەدام حوسێن»ەوە کوردەکان جارێکیتر ڕوویان لە ئێران کردەوە و لە ساڵانی ١٣٥٠ بۆ ١٣٦٠، نزیکەی ٨٠ هەزار کوردی فەیلی بەرەو ئێران قەڵاچۆ کران. لە بەرامبەریشدا لە ماوەی ٨ سال شەری ئیران و عیراقدا، کوردەکانی عیراق بەردەوام هاوکاتی هێزەکانی ئێران دژی ڕژێمی بەعس شەریان

---

١- بەشێك لە سروودی جیهانیی قەرەجەکان

کردووه. وەك وترا ئەم دواین کۆچە ملیۆنیەشیان بۆ ئیران، لە کاتی شەری (کەنداو) و تیکشکانی یەکەم قۆناغی راپەرینی جەماوەریی کوردستان بوو، ئەمە لە خۆیدا گەرانەوەش بوو. گەرانەوە بەرەو کەلتوورێك کە رەنگە هێشتاکەش برستی تێگەیشتنیانی تێدا مابێت و رەنگە هێشتا هەندێ پارچەی شوناسی خۆیان لەو کەلتووردا سۆراخ و چاوەرێی هاودلی و هاو دەردیی لێ دەکەن.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** ئەم خەلکە سالی ١٩٩١ و لە هەل و مەرجێکی تایبەتی سیاسیدا، بوونە خاوەن چارەنووسی خۆیان و ئیستاکەش نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا وئینگلیز وهیزە هاو پەیمانەکان پاراستنی ئەوانیان لە چوارچێوەی هێلی ٣٦ی باکوور و باشووری عێراق گرتۆتە ئەستۆ و لەم ناوەشدا کوردەکان توانیویانە بەهاوکاری وبەشداریتیی هەموو توێژەکانی کۆمەلگا و بە رەنجی رۆلە شۆرشگیر و خویندەوارەکانی خۆیان بنەماکانی حکوومەتیکی دیموکراتیك یان لانیکەم ئامادەی دیمۆکراتیك بوون ـ دابمەزرینن، واتە کوردستان بە تەنیا خۆی ئەوەندەی هەموو ولاتانی کەنداوی فارس، خاوەنی پارت، کەنالی تەلەفزیونی، رۆژنامە و رادیۆیە. کوردەکان فرەرەنگی و جیاوازیان پەسەند کردووە و هەموو کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لەو هەریمە ئازادەدا، خەریکی چالاکیی ئازادانەن. نموونەی ئەم فرە رەنگییەش ئەو دەورەیە کە دین و دیمۆکراسی بە شیوەیەکی ئەقلانی و لە کارلیکیکی هەمیشەییدا دەیگیرن، ئەمە لەخۆیدا پیشاندەری روانینی نویی ئەوانە بو بابەتی دین. سەر کەوتنیکی دیکەی کوردەکان، کردنەوەی دووبارەی پەرلەمانی کوردستان بوو، هەروەهاش دەسکەوتێکی دیکەی ئەوان جێبەجێکرانی بریاری ٩٨٦ی سالی ١٩٩٥ی لیژنەی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووە کانە، کە بە تەرخان کردنی بری ١٣ لە سەدی پارەی نەوتی عیراق بۆکوردەکان، لەم چەند سالەی دواییدا کوردەکان توانیویانە کوردستان ئاوەدان بکەنەوەو سیمایەکی نوێ بەولاتەکەیان ببەخشن.

**جە نابی سەرۆك کۆمار:** ئێران نزیکەی ٦٠٠ بۆ٧٠٠ کم سنووری هاوبەشی لە گەل کوردستانی عێراق هەیە و تورکیاش تەنیا ٢٠٠کم سنووری لە گەل کوردستانی عێراق هەیە. ئەمە لە کاتیکدایە کە دەولەت و کومپانیا ئابوورییە تورکەکان سەرمایەیەکی زۆریان لە کوردساندا تەرخان کردووە و چەند ئەوەندەی ئەو سەرمایەیان بەر هەلگرتووە. لەم بوارەدا لەگەل زۆربوونی سنووریشدا کەچی رادەی ئامادەیی ئیران ١٠ لە سەدی تورکەکانە. بەلام لەبواری کەلتوورییەوە بە هۆی پیوەندیی کەلتووری و هونەری و گۆرینەوەی شاندی کەلتووری لە هەردوو لاوە، ئیران ئامادەییەکی زۆرتری بەریژەی تورکەکان هەبووە و تاقە ولاتیك بووە کە پیوەندیی کەلتووریی رەسمیی لەگەل کوردستاندا هەبووە، ئەمەش بۆتە هۆی نزیکایەتیی زیاتری خەلکی هەردوودیوی سنوور و ئەمرۆکە دەبینین رووناکبیران و خویندکارانی کوردستان سەرنجیکی تایبەت دەدەنە کەلتوور و ئەدەبی فارسی.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** یەکیك لەسەرنموونە زەینییەکانی ئیمەی کورد، ولاتیکە بەناوی کوردستان و ئیستەش گەرچی نوخبەکانی کورد لە ولاتە کوردنشینە کاندا لەسەر ئەوراین کە چارەسەری کیشەی کورد کەلك وەرگرتنە لە مافی هاوولاتی بوون و یەکسان بوون بەرامبەر یاسا، بەلام وادیارە ئەوانەی لە پەیماننامەی (سیڤەر ) ی ١٩٢٠ و( لۆزان ) ی١٩٢٣ دا، جوگرافیای کوردستانیان تیکدا،دووبارە ئەم ناوچەیان کردۆتە ناوەندی قورسایی کیشەکانی روژهەلاتی ناوەراست.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** گورانکارییەکانی کوردستان، هەمووی، بەرهەمی پشتگیری و ئامادەیی ئامریکا و هاو پەیمانەکانی نین. ئاخیزگەیەکی گۆرانکاریی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا، بزووتنەوەی رووناکبیریە. گوتار و

بزووتنەوەی رووناکبیریی کوردی بەمێژووی سەد و چەند ساڵەی رۆژنامە گەریی خۆیەوە، ئەگەر تاکوو دوێنێ گوتارێکی پەرچەکرداریانە بوو و لەژێرکاریگەریی هزری دەسەڵاتدا بەرهەم دەهات، ئەمڕۆکە توانیویەتی خۆی بەکێشە جیهانییەکانەوە گرێ بدات. چەمکگەلێکی وەك ئەقڵانییەت و ئازادی و دیموکراسی بناسێت، لە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی هێز تێبگات، ئەو ڕێکارانە بناسێت کە دەسەڵات لەرێگەیانەوە لە کۆمەڵگاو زەینی مرۆڤدا خۆی دادەمەزرێنێ و بەرامبەر دیاردە جیهانییەکان لەرێگەی پێناسە و دەربڕینی تایبەتەوە، دەورێکی چالاکانە بنوێنێت. ئەم بزووتنەوە کەئیدی گەیشتۆتە لووتکەکانی خۆی، و بەڵگەی ئەمەش ئەو بزووتنەوەی رووناکبیری، کۆمەڵایەتی و نفیسارەی بەرهەم هێنانی فیکر و ئەندێشەیە کە لە کوردستانی ئێران و عێراقدا و لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەسەر دەستی بەرەیەکی نوێخواز بۆتە گوتارێکی زاڵ و هەر خودی ئەم بزووتنەوەیە داینەمۆیەکە بمانەوێت ونەمانەوێت، هەموو دەسەڵاتێك دەخاتە بەر رەخنەی جیددی و لە هیچ شتێك نابوورێت.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** ئانکارا و دیمەشق، لەم دواییانەدا لە رێگەی بانگهێشت کردنی رێبەرانی کوردەوە خەریکی بەرێوە بردنی سیاسەتی خۆیانن بەتایبەت لە ئایندەی عێراق و کوردستاندا.کەچی پێوەندیی ئێران لەگەڵ کوردەکاندا لە ئاستەنگی سیاسەتی سوننەتییانەی گومان بەرامبەر برا هاورەگەزەکانی چەقی بەستووە و پێوەرێکی پێناسەکراو تا ئێستەش لە فایلی دیپلۆماسی و پێوەندیی دوولایەنەی نێودەوڵەتیی ئێران بەرامبەر کوردستانی عێراق، دیار نەکەوتووە. هێشتا کتێبەکانی قوتابخانەی ئێران یەك دێڕی سەبارەت بە مێژووی ئەم نەتەوە تێدا نییە. هێشتا ئاغایان زمانەکەی بەزاراوەی زمانانی دیکە دەزانن، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێردا، چەندین ساڵە بەشی زمان و ئەدەبی فارسی کراوەتەوە، کەچی داخەکەم بۆ کتێبێك کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دیاری درابێتە ئەو زانکۆیە جا ئاڵ و گۆڕ کردنی مامۆستا و خوێندکار ئیتر هیچ.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی ئێستەی ناوچەکە و ئامادەیی ئەمەریکا و هەروەها شەپۆلی دیموکراسی خوازیی جیهانی و رەوتی بەجیهانیبوونی کەلتوور و ئابووری وهاوکات بەجیددی وەرنەگرتنی هەل و مەرجی ژیۆپۆلەتیك و جوگرافیای نوێی کوردستان، هەروەها ناواقعیبوونی دیپلۆماسییەتی دەرەوەیی ئێران و بیرنەکردنەوە لەچارەسەر، پێش داسەپانی فۆرموولگەلی دەرەوەیی، ئێران تووشی قەیرانێکی گەورەتر دەکات .
ئەگەر ئەمڕۆ بونیادی ئەم پێوەندییانە پێناسەیەکی دووبارە نەکرێتەوە و نەخرێتەبەر پێداچوونەوە، باجەکانی سبەینێی بەراورد بە ئەمڕۆی گەلێك زیاتردەبێت. ئەگەر بونیادی ئەم پێوەندییانە ئەمڕۆ پێناسەیەکی دووبارەی بۆ نەکرێت و دووبارە نەخرێتە بەر خوێندنەوەی جیاواز، گونجاوێتیی ئەو بونیادە ئەگەر بێت زۆر نەکرێت، ئەگەر درم و نەتوانییەکانی گوتاری زال نەناسرێن و چارە سەر نەکرێن، و بە کورتی: ئەگەر دەوڵەت و وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە گوێرەی پێویست و چالاکانە هەنگاو هەڵنەگرن، دیارە ئێران لە ئایندەیەکی گەلێك نزیکدا رووبەرووی کێشەیەکی بنەرەتی دەبێتەوە. درێژەدان بەو بریار و سیاسەتە کلاسیکانەی کە تا ئێستا سەبارەت بە کوردستانی عێراق کاریان پێکراوە لە لایەکەوەو درێژەدان بە روانگەی سوننەتی و کۆن بو کێشەی گەلانی نێو ئێران لە لایەکی دیکەوە، ئەو مەترسییە درووست دەکات کە ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش زۆر بە زوویی تووشی قەیرانێکی گەورە بێن. دوو لایەنی سنوور لە سەر یەکتر کاریگەرییان دەبێت و کەسیش ناتوانێ

چاوەریی ئەوە بکات کە کوردەکانی ئێرانیش کە دەرد و رەنجی خۆیان لە شاخ و دۆڵەکانی مێژووەوە تێپەراندووە، سەریان بکەن بەژێر بەفرەوەو هاو خوێنیی خۆیان لە گەل دیکەی کوردەکاندا لە بیر بکەن.

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** وەك ئاگادارن گورانکاری لە ناوچەکەدا بابەتیکی حەتمییە و کوردەکان وەك نەتەوەیەك کە سەد سالە بۆگەیشتن بە مافە سرووشتییەکانی خۆیان خەبات دەکەن،چارەنووسی خۆیان بە گۆرانکارییە جیهانییەکانەوە گریداوە، ئەوان هیوادارن و بە حەق لە ئاخێزگەی بیرەوەریی ئەزەلیی قەومییەوە چاوەریی ئەوە دەکەن کەئیران سەبارەت بە کوردستانی عیراق بەسیاسەتی دەرەوەیی خۆیدا بچیتەوە و بە دیپلۆماسییەتیکی چالاك بەشداریی دیاریکردنی چارەنووسی داهاتوویان بکات. ئەگەر بیت و عەدالەت بەشیوەیەکی عادلانە بە سەرولاتەکاندا دابەش نەکریت، بیگومان پارچەبوونی خودی ولاتەکانی بەدواوە دەبیت. پشتگیریی ئاشکرای ئەمەریکا و ئەورووپا لە بزووتنەوەی کوردەکانی عیراق و هاوکات هیز و توانای ریبەرانی کورد کە لە کۆنفرانسی لەندەندا نومایش کرا و بەریوەچوونی دووهەمین کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لە کوردستانی ئازاددا کە تێیدا (عەرەب) و (شێعە)کانیش لە مالی کوردەکاندا و بە بەرێوەبەرایەتی دیمۆکراسیانەی ئەوان، هەندێ بریاری مێژوویيان سەبارەت بە ئایندەی عێراق پەسەند کرد، هەموو ئەمانە گۆرانکاریی بنەرەتیی ناوچەکەیان کردۆتە شتێکی حەتمی و بیگومان رۆژهەلاتی ناوەراست لە بەرامبەر ئیرادەی چارەسەری کیشەی کورددا تەسلیم دەکات. ..

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** گۆرانکارییەکانی کوردستانی عیراق بۆ ئیران درفەتیکە، نەك مەترسییەك .ریگە بدەن ئێران لە رۆژاوای خۆیەوە ببیتە دراوسیی یەکیك لە دیرینەترین نەتەوەکانی رۆژ هەلاتی ناوەراست بەپیناسەی دیاریکراوی هاوبەش لەگەل ئیراندا و با ئەم نەتەوە بە سەر چارەنووسی خۆیدا زال بیت.. مەهیلن دەولەتانی تورکیا و سووریا پیگەی میژوویی ئیران داگیر بکەن و دەستپیشخەریی گوتاری ئیرانی ئیسلامیانە لە ئێران بقوزنەوە و گوتاری سیاسی و کەلتووریی خۆیان بەسەر کوردستانی عیراقدا زال بکەن، بەتایبەت پارتی عەدالەت و پەرەسەندنی تورکیا کە پارلەمان و دەولەتی تورکیای بەدەستەوەیە، لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەکەویتە بەرانبەرکییەکی جیددی لەگەل ئیراندا و بەناوی دیمۆکراسیی ئیسلامییەوە هەندی چالاکی دەنوینی و بەیارمەتیی دیار و بەرچاوی ئەمەریکا و ئیسرایيل و ولاتە عەرەبییەکان، وەکوو نموونەی دیمۆکراسییەتی ئیسلامی و هەمبەریکی جیددیی ئیران دێت کە هەولبدات پیگەی ئیران لەق بکات و گوتارە ئیسلامییەکەی لاوازبکات، لەوانەشە بە دیپلوماسییەتیکی چالاکانە و بە یارمەتیی ئەمەریکا و ئەورووپا ئیران تووشی کیشە لەگەل کوردەکان و تورکەکان بکاتو بەلاوازکردنی توانا کەلتووری و ئیسلامی و ئابوورییەکانی ئیران لە یارییە نیونەتەوەییەکاندا، بە شیوەیەك ئێران بکاتە پەراویزەوە و لەگۆرانکارییەکانی داهاتووی عیراق و ناوچەکەدا بیخاتە بەرەی دۆراوەوە. وا ئاگاشمان لێیە تورکیا بەردەوام هەرەشەی داگێرکردنی کوردستان دەکات و هەبوونی وەها واقیعگەلیك و گەلێك نەوتراوی دیکە هەلویست گرتنی رەسمییانەی ئیران سەبارەت بەپرسی گشتگیری کوردەکانی عیراق،دەکاتە بابەتیکی پیویست و حەتمی.

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** لەرەوتی گۆرانکارییە جیهانییەکاندا،بەم زووانە تورکیا بە پیچەوانەی سیاسەتی تووتالیتەرو خۆپەرەستانەی ژەنەرلەکان، لەگەل خۆیدا ٢٠ ملیۆن کورد دەباتە جوگرافیای یەکیتیی ئەورووپاوە و بەم شیوەیە ناوچە کورد نشینەکانی عیراق وسووریاو ئیرانیش دەبنە دراوسیی نزیکی ئەورووپا و گەلێ داستان

لە دوا رۆژی ئەم جۆگرافیا نوێیەدا کە دێت بگوترێن و لـە دایـك بـن... بـەدەرککردنی وەها راستیگەلێك ئـاخۆ نابێ تاران جارێکی تر بە هاوکێشە و فورموولەکانی سبەینێی عێراقدا بچێتەوە. خۆنەبان کـردن لـە جوگرافیـای پێناسەکراوی ناوچەکە و سنووری هاوبەش لەگەل تورکیاو سووریادا، پسپۆرانی پرسـی کـوردی تووشـی گومـان و دردۆنگـی کـردووە و سیاسـەتی دەرەوەو دەڤـەری ئیـدارەی سیاسـەت و پیوەنـدیی نیـو نەتـەوەیی ئێرانـی تووشـی قەیران کردۆتەوە. ئیستاکە کوردستانی عیراق وەکوو جوگرافیای گـەل و ئاییـنە جیاوازەکان، بـەکورد و شـیعە و ئاسووری و تورکمان و ... هتد بۆتە بابەتیکی واقیعی ناوچەکە و روانینی بنەوەشـی و هاوسـۆزانە بـۆ کوردسـتان، دەتوانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دابین بکات و گەرەنتیی ئاسایشی ئیرانیش بکات.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** ترسی شیخەکانی عەرەبی رۆژهەلاتی ناوەراست لە بەر یەکیتیی خـاکی عـیراق و کوژرانـی خەلکی بی تاوان نییە، ئەوان هەر ئەو بەریزانەن کە لە شەری ٨سالی عیراق دژی ئیراندا، یارمەتیی سەدامیان دا و شەرعیەتیان بەخشییە کوشتنی ٥٠٠٠ کەس و زیندە بە چـالکردنی ١٨٢ هەزارکـەس و رووخـاندنی ٤٥٠٠ گونـدی کوردسـتانی عـیراق، هـەروەها ولاتـی تورکیـاش کـە ئـەندامی نـاتۆ و دۆسـت و هاوپـەیمانی ئیسـراییلە بـە هیـچ شیوەیەك ناتوانی بو ئیران هاوپەیمانیکی باش بیت. بەلام کوردەکان چاوەریی ئەوە لە جەنابتان ـ وەکوو خاوەن ئەندیشەیەکی ئایینی و ئارمانخوازی ئینسانی ـ دەکەن کە لە جیهانی سیاسەتدا، نەکەونە ژیر کاریگەریی ئارەزوو و حـەزی دەسـەلاتەوە و ئامانجە بـەرزو مرۆڤانـەکانتان لـە بیر نەکـەن،تـاوەکوو جاریکی تـر بابـەتی دانیشـتنی سەرۆکانی ئیکۆی تورکیا لـە خـەزەلوەری رابـوردوودا دووپـات نەبیتـەوە کـە ئـەو دانیشـتنە بـۆ کوردەکـان تـام و بیرەوەری تال و ناحەزی بریارنامەی ئەلجەزایەری دەدا.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** لە جەنـابتان وەکوو گەلالە داریـژی گفتوگۆی شارسـتانییەتەکان چاوەروانی ئـەوە دەکـریٚ، بەرامبـەر دیـاریکردنی مـاڤی چـارەی خـۆ نووسـینی نەتـەوەی کـورد لـە داهـاتووی عـیراقدا، بـە یارمـەتیی دامەزراندنـەوەی پردی پیوەنـدیی دیپلۆمـاتیك،لاپەرەیـەکی نـوی لەسیاسـەتی دەرەوەیـی ئـیران هەلبدەنـەوە و بـە گۆریـنی زمـانی سیاسـەت و ئینکـار بـۆ زمـانی مەسـلەحەت و ئەقلانییـەت، لـەپال پشـتگیری کردنـی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کورددا، شانازی بۆ ئیران بەدی بینن و کۆتایی بەسەردەمی ترسی شاراوە لە کوردەکان لە سیاسـەتی ئیراندا بینن، بەلکوو ریگەیەك بیت بەرەو ئاشتیی نەتەوایەتی. لەپال هـەموو خزمەتـەکانی ئـیران بـە نیسـبەت کوردەکانەوە، نابی لـە بـیری بکـەین کـە بـیرەوەریی تـالی بریارنامـەکانی ( سـەعدئابادی ١٩٣٧ ) و ( ئەلجەزایـەری ١٩٧٥) هیشتا ئینسان سەرسام دەکات،بـەلام ئـاخۆ ئەمرۆکە جـەنابی خاتـەمی بەکردەوەیـەکی ئازاو هزرمەندانـە، لەپال پـاك کردنـەوەی ئـەم بیرەوەرییـە تالانـە لـە زەینـی کوردەکانـدا، مـاڤی چارەی خۆنووسـینی نەتـەوەی کـورد لەعیراقدا بەگەلالەی فیدرالیزمەوە بەرەسمی دەناسیت و لاپەرەیەکی زیرین دەخاتـە سـەر میـژووی گـەلی ئـیران کە دەنگی زۆربەی ستەملیکراوانی میژووی تیدا بیستراوە؟

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** پیویستە دۆسیەی پیوەندی لەگەل کوردستانی عیراقدا جاریکیتر بخوینریتـەوە، چوونکـە ئیـدی کـاتی سیاسـەت و هـەلس و کـەوتی دژواز بەسـەر چـووە و ئـەم جـۆرە هـەلس و کەوتانـە، ویـرای خـەیالی ئـەنجامدەرانیان، زۆر ئاشکران. . نموونـەی ئـەم جـۆرە هـەلس و کەوتـە دژوازانـە، ئـەو رووبـەڕووبوو نەوەیـە بەرانبەر بە سەفەری ئەم دواییانەی بـەریزان مەسـعوود بـارزانی و جـەلال تالـەبانی بـۆ ئیـران. بـەلام دوای ئـەم شـەش سالەش و لـە یەکـەم دیـداری ئیـوەدا، سانسـۆری ئـەم هەوالانـە تـەنیا بەشـیکی بچووکـی بابەتەکەیـە،

ئەگەرچیش ئەوان پێویستیان بە کەلك وەرگرتنی پروپاگەندەیی لەو دیدارانە نەبوو، بەڵام لانیکەم ئەم جۆرە رووبەروو بوونەوە نەزانکاری هەلس و کەوتی راوێژکارانی سەرۆك کۆمارێتی بەرامبەر کێشەی کورد دەر دەخات. ئاخۆ ئەمجۆرە رەفتارە سیاسییە سەبارەت بە ئایندەی عیراق کە بەرژەوەندیی ئیرانی پیوە گریدراوە،دەتوانی رووبەرووبوونەوەیەکی پۆزەتیف بیت؟

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** مەهیلن کەمالیستەکانی تورکیا و ئەفلەقییەکانی سووریا، سیاسەتەکانی خۆیان بەسەر کورددا زالبکەن. با ئیران کە نیوە سەدەیەکە دەنگی رادیوی کوردیی تیدا دەبیسریت، نەبیتە هاو پلەی وڵاتیك کە لە سالی ۱۳۲٤ دا و بە شیوەی رەسمی ولە یاسای رەسمیی خۆیدا،زمانی کوردی و ناوی کورد و کوردستان،مەنع دەکات... لە کاتیکدا ئیران زۆر بە کوردەکان قەرزدارە و کەلتووری ئیرانی ئەزموونیکی دوور و دریژی وەرگرتنی بەرامبەر و پیکەوە گونجانی بەشیوەی هێزەکی، لە خۆایدا هەلگرتووە. هەرچۆن لە میژووی کەلتووری جیهانی و رەوتی سەقامگیر بوونی دیموکراسی وخەلکسالاری لە رۆژهەلاتی نیوەراستیشدا پیگەی ئیران و تورکیا وسووریا گەلیك جیاوازن، هیوادارم بە تیگەیشتنی حەکیمانەی خۆتان لە هەستیاریی زەمەن و کات تیبگەن ولە ژیر کاریگەری پالنەرەکانی جیهانی سیاسەتدا، دۆستایەتی نەتەوەی کورد لە کیس نەدەن و بەدوودەستی پیشکەشی هەمبەرە دیرینەکانی ئیرانیان نەکەن.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** ریگەمەدەن سیاسەتە کار پێکراوەکانی ئیران لە ئەفغانستاندا کە بە داخەوە خزمەتە ۲۰ سالەکەی ئیرانی بە ئاودا دا، لەعیراقی داهاتوودا دووپات بیتەوە. بەم جیاوازییەوە کە عیراق وڵاتی چەندین شۆرشە و خاوەن کەلتووریکی دەولەمەند و پیگەیەکی پیناسە کراوە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا و گەلیك لە ئەفغانستان جیاوازە.. تیکەلبوونی بەشیك لەکوردەکان ( کوردەکانی تورکیا ) لە گەل یەکیتی ئەورووپا دا و دراوسی بوونی بەشیکی دیکە یان (کوردەکانی عیراق )لەگەل کۆماری ئیسلامیی ئیراندا، ویرای ئەوەی کە لەبواری پیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانەوە بە لە بەرچاوگرتنی ساماندار‌بوونی کوردستان لەرووی سەرچاوە و کانزاگەلی سروشتییەوە و سوود بەخشبوونی بۆ سەرمایەگوزاریی ئیران، لەهەموو لایەنیکی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە، دەتوانێ پردیك بێت لە نیوان ئیران و ئەورووپا و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ریگای ئەو سنوورەوە مسۆگەر بکات. ئەوەش لەبیر نەکەین وڵاتی عێراق وڵاتێکی سامانداره و ئەگەرچی لەم ۲۵سالەی دواییدا گیرۆدەی شەر و ئاژاوەبووە، بەڵام بۆ ئاوەدانکردنەوە، وەکوو ئەفغانستان چاوەریی یارمەتیی وڵاتانی دیکە ناکات. سەروەت وسامانی ئەفسانەیی عیراق و هەل ومەرجە تایبەتە ئابوورییەکەی کیبرکییەك لە نیوان وڵاتانی جیهاندا بۆ بەشدار بوونیان لەئاوەدانکردنەوەیدا ساز دەکات و بەمەرجی دارشتنی گەڵالەیەکی گونجاو لەلایەن ئیرانەوە، سەبارەت بە داهاتووی عیراق، ئەتوانی سوود و قازانجیکی چاوەروان نەکراوی بۆ کۆمپانیا ئیرانییەکان بەدواوە بیت و نابی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئێران لەوێدا لەبیر بکرێ. ئەتوانرێ لەم رووەوە کوردەکانی ئەودەڤەرە وەکوو دۆست و هاوپەیمانی ئیران بۆ دەستەبەرکردن و گەرەنتی کردنی دەستکەوتە مەزنە ئابووری و فەرهەنگییەکان چاولی بکرین. تاوانی کۆمپانیا و جەماوەری خەلکی ئیران چییە کەئەبی لەدەرد و خەمی خەلکی ئەفغانستان و عیراقدا لەگەلیاندا بن بەلام لەخۆشی و شادییاندا بکەونە پەراویزەوە و وڵاتانی دیکەدەستکەوتەکانیان بقۆزنەوە .

**جەنابی سەرۆك كۆمار :** لەم ولاّتەدا شەر، دوژمنیو رك و كینە تەمەنیكی بەتەمەنی ( نۆح ) یان بووە و، ئاشتی و ئاسایش تەمەنیك بەتەمەنی گول. ئەوان سەدسالە بۆ مانەوە و دامەزراندنی ئاشتی خەباتیان كردووە و لەدەرد و خەمیك دەدوین كەهیشتا ئەتوانری بە «خەمی هاوبەش» ناو ببریّت. ئەوان پاش كیشەی چالدۆران بۆیەكەمین جارە كە میژووی خۆیان ئەزموون دەكەن و بەرووكرد و خویندنەوەیەكی نویوە، لەهەولدان بۆ گۆرانكاریی نوی و پەرەپیدان بە گوتاری دان پیدانان و پیكەوە ژیان لەگەل دیكەی نەتەوە كاندا، لەرووبەروبوونەوە لەگەل دوو چەمكی چارەنووسسازی جیهانی ئەمرۆ واتە: (پیكدادان و وت و ویژ ) دا ئەوان بروایان وایە ئاژاوە و پیكدادان هیچ دەسكەوتیكی بۆكەس نابیت و چەمكی وت وویژیان هەلبژاردووە و ئەو وتەیەی پۆپەریان كردۆتە ویردی سەرزمانیان:« ئەتوانین لیگەریین، تیۆرەكان لە جیگەی ئیمە بمرن بەبی ئەوەی كەسیك زویر بیت، لەم نیّوەدا لەوانەیە تەنیا نەختیّك غووروومان بشكیت».جەنابتان ئەتوانن بە، بەكارهینانی سیاسەتیكی هەقیقەت تەوەرانە، رەوتی میژووی ئیران و كوردستان بگۆرن و بەشیكردنەوەی ئەو فۆرمە كۆنەیەی پیوەندی و سانسۆرو گۆرینی بوبیریكی مەسلەحەتیانە و هەولدان بۆ تیپەراندنی تەنگەژەی تەریكبوونی ئیران لەناوچەكەدا، و بەپاككردنەوەی وەهمی پلانگیری و سرینەوەی روانگەی سوور بینینی كیشەی كورد و سرینەوەی ئەو پیشگریمانە رەشبینانەی كە جگە لەهەلدیری مەرگ چی ترمان ناخاتە بەردەم، بەستین و كەش و هەوایەك بە رەو وت و ویژی ئیسلامی ئیرانی ئامادە بكەن.

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** لەنووسراوەی سیاسیدا جاروبار قسە لە دۆستایەتی و برایەتیی ئەو دوو گەلە كراوە، ئەگەرچی ئەم گەلە چەند سالە ــ كراسی خویّناوی یۆسفی خۆیان بە دەستەوەیە، ئەو یووسفەی براكان بە بازرگانیان سپادرن ــ بەرەو ئاسۆیەكی روون دەروانن كەلەویدا ئازادیی نەتەوەكان خودی نەتەوەكان دیاریی دەكەن. پیكەوە ژیان و ریككەوتن و پیوەرە بەدیهینەرەكانی ئەو چەمكانە بەئامادە بوونی خودی مرۆڤ، نەك شتیكی تری سەروو مرۆڤ، دیسانەوە پیناسە دەكرینە وە و مرۆڤ لە بەرهەمهینانی ئیستا و دوارۆژی خۆیدا بەشدارە . هەنووكەش بە هۆی نەبوونی پیناسەیەكی راست و بنەمایی لەسەر ناسیۆنالیزمی كوردی، رۆژهەلاّتی ناوەراست لە بەردەم قەیرانیّكدا دەبینم، بەپیویسم زانی بەو چەند خالە ئاماژە بكەم .

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** یەكیّك لە گرینگترین نیگەرانییەكانی بەرپرسانی حكوومەتی ئیران لەسەر ئەو وینا كردنە وەستاوە كە، بەمەرجی روودانی هەر رووداویك یان وەرچەرخان و گۆرانكارییەك لەودیوی سنوورەكانەوە و بە سوودی نەتەوەی كورد، لەم دیوی سنووریشەوە كوردەكانی ئیرەش لەوانەیە داوكاریی جیاواز لە رابوردوویان هەبیت، بەلاّم ئیمە لەسەر ئەو بروایەین كە ئیّستاكە مافەكانمان لەو قەوارە جوگرافیاییەدا ( ئیران )مانادار ترە، بەلاّم هەرگیز چاومان لەو سیاسەتانەش كە ئیوە سەبارەت بە كوردەكان دایدەریژن، دانەخستووە، هەرچۆن ناشتوانم دەولەتی جەنابتان بەرامبەر بەو بەلین و وەعدانە كە لەم چەندسالەی دواییدا، سەبارەت بەكەمینە نەتەوەییەكان و بەتایبەت كوردەكانەوە دراون، لەرووبەروبوونەوەیەكی میژووییدا نەخەمە بەر رەخنە و شایەتی قەتیس مانی سیاسەتەكانی جەنابتان بەهۆی كەمكاری و كەم تەرخەمیی كارگیّرە هەلبژاردراوەكانی ئیّوە لە ناوچە كوردنشینەكاندا، نەبم. ئەوەشمان لە بیر نەچیت كەهەر جۆرە سیاسەت و دیپلۆماسییەتیّكی نابرایانە بەرامبەر كوردەكانی عیراق لە نەست و وشیاریی كوردەكانی ئیراندا كاریگەریی نیگەتیڤی دەبیت و دیوار و حەساری بیمتمانەیی لەنیوان ئەم دوو گەلە برادا بەرزتر دەكاتەوە.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** کوردەکان زامی ساریژ نەبووی رۆژهەلاتی ناوەراستن، بە بێ چارەسەری کیشەی کوردەکان رۆژهەلاتی نێوەراست قەت ئاسایش بە خۆوە نابینێت، بەداخەوە هەمووئەو ولاتانەی کەنەتەوەی کوردی تیدا دەژین، لە بەدیهینانی ئەوبرینە بەژانانەدا دەستیان بووە. بەلام لەم نێوانەدا ئیران لە قۆناغگەلیکی میژووییدا و بۆنموونە لەسالانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، گەلی جار کوردەکانی ـ کە بەهۆی سیاسەتی فاشیستییانەی عیراق و تورکیاوە کوچیان کردووە ـ بەئامیزی والاوە وەرگرتووە، ئەوەی کە من ئەمەوی وەبیرتانی بینمەوە، ئەوەیە داواتان لی بکەم لە روانگەی سیاسییەکی واقیعبین و مرۆڤدۆستەوە، ئەمجارەیان نەك لە ژیر کاریگەریی ئەو لیکۆلەرەوانەی کە هەموو شتیك و هەموو کەسیك لە گۆشە نیگای بەرتەسکی سیاسی و رەش و سپیەوە دەبینن، بەلکوو بە لە بەرچاوگرتنی واقیعی ئامادەی سیاسی، فەرهەنگی، ناوچەیی و جیهانییەوە و هەروەها لە گەل هەولدان بۆ سرینەوەی تیگەیشتنی ناراست و پیش زەینییەتە داخراوەکان رووبەرووی بارودۆخی هەنووکەیی کوردەکان ببنەوە. هەروەها ئەمەوێ سەرنجتان بەرەو ئەو خالە راکیشم کەسادەترین فۆرموولی جیهانی سیاسەت لە بەر چاو بگرن، واتە ئەو یاریوانەی دەتوانێ بهینریتە بەرەی دۆستەوە، نابێ بە هەلویستیکی دوژمنانە بەرەوبەرەی دوژمن پال بنریت. هەم ئیوە و هەم ئیمەی کورد بە باشی ئاگاداری سیناریۆی بە جیهانیبوون و بەرەنجامەکانی شەپۆلی دیمۆکراسیخوازی رۆژهەلاتی ناوەراستین، بروانان هەبێت کە کوردەکان خاوەنی جیددیترین و خوێناویترین خەباتن لە ریگای سەقامگیرکردن و چەسپاندنی دیمۆکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، بەتایبەت لەم بارودۆخە ئامادەی ناوچەکەدا بەجیددییەتیکی زۆرترەوە و بە ورەیەکی زیاترەوە، دریژە بەو خەباتە دەدەن، بەلام پێویستە کە جەنابتان ئەمرۆ هەلویستیکی گونجاو بنوینن بۆ بۆئەوەی کوردەکان نزیکایەتی و هاوبەشیەکانی خۆیان لە گەل گەلی ئیراندا لە بیر نەکەن. روون و ئاشکرایە کە هەلویستی دوژمنانە و سەرچاوەگرتوو لە زەینییەتی ئەمنییەتی، کە باویان نەماوە و لە سەردەمی بە جیهانیبووندا کاتیان تیپەریوە، بەرامبەر بە فیدرالیزمی کوردستانی عیراق، دەولەتەکانی خاوەنی ئەو چەشنە هەلویستانە، لە گەل قەیرانیکی جیددیدا رووبەروو دەکاتەوە. بە لە بەرچاوگرتنی بە جیهانیبوونی کیشەی کورد و هەبوونی ئاگایی نەتەوەیی و بزووتنەوەی گشتگری رووناکبیریی کوردی، هیچ پەیماننامە و ریککەوتننامەیەك، ناتوانیت گوێ نەداتە وزە و پوتانسیەلی ئەم نەتەوە ٣٠ملیۆن کەسییە، چ بەباری دۆستانە و چ لە رووی دوژمنایەتیەوە. بە مەرجی دووپاتبوونەوەی ستەمگەلی میژوویی لە جۆرە مودیرنەکەی، بیگومان کوردەکان دیسانەوە بە ئاسانی نابنە بەشیك لە فارس، عەرەب یان تورك و مامەلە کردنی کلاسیك و سوننەتی لە گەل ئەو وشیارییە نەتەوەییەدا لە خۆیدا هەلگری کارەساتیکی دیکەیە.

**جەنابی سەرۆك کۆمار:** مەهیلین رۆلی کەشتیی کۆماری ئیسلامی لەو زەریا بەرین و پر شەپۆل و قەیرانەی ئیستای رۆژهەلاتی ناوەراستدا و هەروەها کیشەی کورد و کوردستان بەدەستی کەسانیکەوە بیت، کە هیشتا لە روانگەیەکی ئەمنییەتیەوە ئەروانە کیشەی کورد و هەمان چارە لە سەر کیشەکە دووپات و چەند پات دەکەنەوە و بە حاشاکردنی میژووی سەد سالەی کیشەی کورد، خۆ لە واقیع گیل دەکەن. ئەوانە بەو جۆرە بیر کردنەوە، ویرای نوقم کردنی کەشتییەکە،خاوەن و خوازیارانی مەسلەحەت و ئەقلانییەت و ئاوەز و ئەندیشەش لە گەل خۆیاندا راکیشی بنەوەی زەریا دەکەن.

www.kurdistannet.org   20-3-2003



**جەنابی سەرۆك كۆمار:** كەسایەتیە چالاكە سیاسی و فەرهەنگییەكانی كوردستانی ئێران كە، دەمێكەیە بەشێكی هەرە گەورەی گرفتەكانی ئەو پێوەندییەیان لە ئەستۆدایە، چاوەڕێی ئەوە لە جەنابتان دەكەن كە لێژنەیەكی كاریگەر بۆ پێداچوونەوەی پێوەندییەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێران و كوردستانی عێراق دیاری بكەن و بە ناردنی ئەوانە بو كوردستانی عێراق و چاوپێكەوتنیان لە گەل رێبەرانی كورد، رۆشنبیران و هونەرمەندان و هەروها جەماوەری خەلكی ئەو ناوچەیە، هەنگاوێكی بنەرەتی و مێژوویی سەبارەت بە داهاتووی ناوچەكە هەلبگرن و ئاشكرایشە كە ئەم هەنگاوە نیشاندەری روانینی باشی ئێران دەبێت سەبارەت بە كێشەی كوردەكان و هەروەها لەم هەل و مەرجە هەستیارەی ناوچەكەشدا هەنگاوێكە بو چاككردنەوەی زەینییەتی نەتەوەی كورد سەبارەت بە ئێران. بەداخەوە لە دوایین رۆژەكانی دەسەلاتی رەشی بەعس و لە كاتێكدا كە هەولەكانی ئوپۆزسیونی عێراقی لە كۆنفرانسی سەلاحەددین و لە كوردستانی ئازاد و لە (٤٠٠كم)یی كۆشكی سەددامدا، بۆ گەیشتن بە دیمۆكراسی لە عێراقدا دەگاتە تەشقی خۆی، كە چی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئێران لە پیلانێكی دژە دیمۆكراسیدا و لە پشتگیریی سەددامدا، پیلانی رێفراندۆم پێشنیاز دەكات و خەلكی عێراق بەرامبەر ئێران تووشی گومان دەكات.

**جەنابی سەرۆك كۆمار:** لە كۆتاییدا، ئەوەی گوترا لەرووی دلسۆزی و هەستكردن بە بەرپرسایەتیی ئینسانییەوە بووە. نەك هیچ بەرژەوەندییەكی تاكەكەسی و یان ویستی ناو و نان، هەر ئەوەی كە توانیبێتم بەشێكی بچووكی بەرپرسایەتییە ئینسانییەكەی خۆم بەجێ هێنابێ و لە گەل ئەوەدا كەبەشێكی زۆر لە نەوتراوەكانم نەوتووە، چاوەڕێی ئەوە دەكەم لێنەگەرێن رەوتی روانین و بەرەورووبوونەوە لە گەل كێشەی كوردستانی عێراقدا، هەر بەو جۆرەی كە هەیە، بچێتە پێشەوە و كاریگەرییەكانی هەر دوو دیوی سنوور لە سەر یەكتر لە بیر نەكەن، نەكا ئەم حەدیسەی ئیمام شافیعی (د.خ) لە زمانی كورد و موسلمانەكانی كوردستانەوە ببیسرێت كە:

«**گەورەترین گوناە ئەوەیە، زولممان لی بكەن و چاوەڕێی ئەوەش بن دوعایان بۆ بكەین.**»

بارام وەلەدبەگی

بەرپرسی ئەنستیتۆ فەرهەنگیی كوردستان ـ تاران

ڕوونووس بۆ:

١- میدیا و بلاوكراوەكان

٢- هەندێ كەسایەتی رۆشنبیری و سیاسی